ئێران.. ڕێبەری باڵای ئیسلامی لە شوێنێکی ئارامدایە لە دەرەوەی تاران

ئەمە شەممە بەرپرسێکی ئێرانی جەختیکردەوە کە خامنەیی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران لە شوێنێکی ئارامە لەدەرەوەی پایتەختی ئێران.

ئەو بەرپرسە بە ئاژانسی ڕیتەرزی ڕاگەیاند: ڕێبەری باڵای ئیسلامی لە تاران نییە و گواستراوەتەوە بە شوێنێکی ئارام.

پێشتر وەزیری بەرگری ئیسرائیل ڕایگەیاندبوو کە ئیسرائیل دوو هێرشی پێشوختەی بە سەر ئێران دەستپێکردووە.

فەرماندەیی بەرەی ناوخۆی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەدا کە لە ئێستادا ئاگادارکەرەوەکان لە سەرانسەری

ئیسرائیل دەنگی دەدەن.

لەلایەکی دیکەوە، ئاژانسی هەواڵی فارسی ئێرانی، هەواڵی بیستنی سێ تەقینەوە لە ناوەڕاستی تاران و بینینی دوکەڵی زێر بەاوکردەوە.

□